# دەسەڵاتی بێدەسەڵات



**هێمن عەبدوڵڵا / هۆڵەند**

کێ ڕۆژنامەی کوردی دەخوێنێتەوە ؟ ، پرسیارێکی بەرسڤ ویستە و هەڵوەستەم پێدەکات .
زۆرجار کە سەیری ڕۆژنامە کوردییەکان دەکەم ، منداڵیی خۆمم بیردێتەوە ، ئەو ڕۆژانەم دێنەوەیاد کە لەناو ڕۆژنامەکانی باوکمدا ، بە دوای نووسینێکدا دەگەڕام کە بتوانم لێی تێبگەم ، بەڵام هەمیشە نەمدەدیتەوە ، ئەوکاتی وامدەزانی ئیشی چکۆلەییمە ، بەڵام ئێستا تێدەگەم کە : ڕۆژنامەی کوردی ، تا ئێستاش بۆ پیاوی دیوەخانان دەردەچێ و ڕۆژنامەنووسی کوردیش هێشتا نایەوێت داشقەچییەکانی شێخەڵڵا لێی حاڵیبن ! .

*            *            *

کە چکۆلە بووم ، دەمزانی ، گەڕانەوەی بابم لە شاخ ، هاتنی کۆمەڵێک پەڕەکاغەزی نوێشی بەدواوەیە ، دەو کاغەزانەدا کە باوکم هەموو جارێ باوەشێکی لێ دێنانەوە ، بەیاننامە دوور و درێژەکانی حیزب و هەواڵی تاوانکارییەکانی پیاوە دیکتاتۆرەکە و جنێودان بە فلان پارتی کوردی و فیسار گروپی عارەبی و زۆر شتی دیکەشم دەدیتن .

ئەو هەموو جارێ کە دەهاتەوە ، دەرگای کتێبخانەکەی دەکردەوە و پەڕەکاغەزە زەردهەڵگەڕاو و نووشتاوەکانی لەسەریەک کەڵەکە دەکردن ، ئەزیش بە شەرمەوە لێی دەچوومە پێشێ و دەمپرسی : بابە ئەو قاقەزانە چین ؟ .. بە خەندەوە تەماشایەکی دەکردم و دەیگوت : کوڕی خۆم ، ئەوانە ڕۆژنامەن ...
من کەمێک دەحەپەسام و دەمەویست باوەڕ نەکەم.. چونکە ئەو ڕۆژنامانەی لە شارەکەی مەدا ( بە زمانی ناکوردی!) دەردەچوون ، هەم پەڕەکانیان گەورەتر بوون ، هەم وێنەی زۆرتریشیان دەنێودابوون!.. بۆیەش پێکەنینێکی منداڵانەم دەگەڵدەکرد و بەخۆمدەگوت : ئاخر ئەو قاقەزە چکۆلانە چۆن دەکرێ ڕۆژنامە بن ؟! .

*            *            *

قەرار وایە  ئەو رۆژانە یادی سەدوحەوتەمین ساڵڤەگەڕی دەرچوواندنی یەکەمین کاغەزی چاپکراو بێت کە بە کوردی نووسرابێ و پێی بگوترێت ( رۆژنامە ) ، جا لەبەر ئەوەی رۆژنامەڤانیی کوردی ئیدی لەوان رۆژان تێپەڕیوە کە کاغەزی زەردهەڵگەڕاو بێ و قەبارەی لاپەڕەکانیشی کەمێک گەورەتر بوون لە جاران! ، گوماندەکەم کە بە یادکردنەوەیەکی سارد و سڕ ، بۆنەکە تێپەڕێ و رۆژنامەڤانان لە رۆژی خۆیاندا ، هەندێك دانپێدانانی بوێرانە دەبەرامبەر هەڵە و کێماسییەکانیاندا نەکەن . هەرچەندە دەنێو ئەو نامانەدا کە لەلایەن رۆژنامەنووسانی ئاشنامەوە بەدەستم دەگات ، هەمیشە (بیلێم و نەیلێمێک ) و نارازیبوونێکی بێدەسەڵاتانە دەخوێنمەوە ، بەڵام هەرواش بە خۆمدەڵێم : ئایا دەکرێت دەسەڵاتی چوارەمینی ولاتێک ، تا سەر ، بە بێدەسەڵاتیی خۆی رازیبێ ؟!

*　　　　*　　　　*

وایلێکدەدەمەوە کە گوناهباری گەورەی بێدەسەڵاتیی رۆژنامە لە کوردستاندا ، ئەو رۆژنامەڤانە بەرژەوەندویستانەن  کە لەجیاتی دروستکردنی پێوەندیی ساغڵەم دەگەڵ دەسەڵاتی کوردیدا ، قەڵەم و کیبۆردەکانیان هەرزانفرۆش کردووە و نەک هەر نەیانتوانیوە دەسەڵاتداران فێری رێزگرتن لە رۆژنامەنووس بکەن ، بەڵکو خۆشیان بە درێژایی ساڵانی بوری ، لە ئەنجامدەرانی پرۆسەی بێدەنگکردن و  نانبرین لە رۆژنامەوانانی خاوەن دەنگ بوون  .

ئەوەی کە دەبینم رۆژنامەنووسی کورد ناچارە لە پیناو نەبرانی بژێویی خۆی ، بێدەنگی هەڵبژێرێ ، ئازارم دەدا ، بەڵام هەمیشە لە خۆم دەپرسمەوە : ئایا دەکرێت دەسەڵاتی چوارەمینی وڵاتێک ، تا سەر ، بە بێدەسەڵاتیی خۆی رازیبێ ؟! .

*　　　　*　　　　*

سەد و حەوتەمین  جەژنی رۆژنامەڤانیش دەگێڕین و بێدەسەڵاتیی چوارەمین دەسەڵاتی وڵاتەکەمان بە چاوی خۆمان دەبینین ، رەنگە پاش یەکگرتنەوەی دوو بەشەکەی هەرێم ، شاهێدی هەندێ گۆڕانکاریی دیکە بین ، بەڵام چاکدەزانم کە رۆژنامە ئەو کاتە لای ئێمە دەسەڵات پەیدا دەکات ، کە داشقەچییەکانی شێخەڵڵا لێیحاڵیبن و پیاوی دیوەخانانیش نەتوانن هەڵەچنیی بۆ بکەن .

www.hemnabdulla.blogspot.com